# ئێتنۆگرافیی زمانی کوردیی
# فۆنەتیک و نووسین لە ئەلفوبێی کوردییدا

بەشی یەکەم

**کامیار سابیر**

ئەم نووسینە، بە شوێن ئەوەدا دەگەڕێ، ئایا زمانی کوردیی زمانێکی فۆنەتیکییە؟ دیارە، هیچ زمانێک بەڕێژەی رەها، فۆنەتیک نییە، لێرەیشدا، پرسیارەکە رێژەییە. هاوکات ئەم باسە، رەخنەیە لە ستراکتۆری فیکریی و کولتووریی ناسیۆنالیزمی کوردیی" ڤێرژنی کوردایەتیی، بەتایبەتیی" کە زمانی کوردیی بێکەسکوژ کردووە. رەخنە لە مێنتاڵیتیی ئەو بیرۆکە خراپە کوڕوکاڵانەیەیە کە ئاودێری زمانێکی ئەفسووناویی" زمانی پەتیی کوردیی" دەکات. سەرەنجامیش، گەڕانەوە بۆ ئەبجەدی کۆنی کوردیی( فارسیی-عەرەبیی دەستکارییکراو)، گەڕانەوە بۆ ئەلفوبێیەکەی خانیی و ئەلجەزیریی و مەولەویی و نالیی...تاد، پێیاننووسیوە، بە هەنگاوێکی عەقلانیی دەزانێت. هاوکاتیش، رەخنەگرتنە لە کۆی ستراکتۆری عەقڵی کوردیی کە چۆن رێنووس و دارِشتنی زمانی کوردیی، بەرەو داغانکردن بردووە و چۆن زمانی کوردیی، دەردەدار کراوە؟

ئارکیۆلۆجیستەکان و مێژووی زمانناسیی، مێژووی نووسین، بۆ نزیکەی پێنج تا حەوت هەزار ساڵێک لەمەوبەر دەگێڕنەوە. مرۆڤی کەم عەقڵی کۆن تا بە مرۆڤی نوێی هۆشمەند دەگات، واتە لە ئەنجامی ئیۆریی پەرەسەندنەوە کە عەقڵ پەیدابووە، مرۆڤیش بیری لە ریکۆردکردن و پاراستنی مێژوو بە سکریپت( خەتی نووسین) کردووەتەوە. سەرەتا نووسین بە لاساییکردنەوە لە شێوەی وێنەگرتنێکی ئەندێشەییدا گۆڕاوە بۆ سیمبۆڵ و دواتر بۆ کاراکتەر و سەرەنجامیش بۆ حەرف (

پیت؟ یان تیپ؟) گۆڕاوە و تا ئێستاش درێژەی هەیە.

لە میزۆپۆتامیادا کە بەشێکی زۆری کوردستانیش دەگرێتەوە، خەتی بزماریی Cuneiform ( یان مێخیی) پەیدابووە. لەهەمان کاتدا کەمێک دواتر لە وڵاتی فیرعەونەکان، نووسینی هایرۆگلیف پەیدابوو کە لەسەر زەل papyrus دەنەخشێنرا. دواتریش شارستانییەتی یۆنانییەکان، چاینییەکان و ئاسیاییەکان و لە پێش هەموویشیانەوە نەتەوە ئێثنیک سامییەکان، لای خۆیانەوە خەتی نووسینیان داهێنا.

گەورەترین رووداو لە مێژووی نووسیندا رووی دابێت، وازهێنان لە هەردوو جۆر نووسینی وێنەکاریی pictographic و سیستەمی نووسینی بڕگەکاریی Sylabbic، بووە. هاوکات ئەم رووداوە مێژووییە بە دەستپێکردنی سیستەمی دەنگ - تۆمارکردنی حەرفەکان، واتە سیستەمی تەدوینی فۆنەتیک phonetic notation یان سکریتپی فۆنەتیک، کۆتایی پێهاتووە. فینیقییەکان Phoenician یەکێک بوونە لەو گەلانەی زۆر زوو دەستیان بۆ جێکەوتکردنی سیستەمێکی نووسین بردووە کە دەنگ و حەرفەکان پێکەوە بگونجێنێت. سکریپتی ئارامییەکان لەئەنجامی گەشەی زمانیی و ئاڵوگۆڕە بازرگانیی، کولتووریی و زمانییەکانی ناوچەکەدا پەیدابوو. زمانی عیبریی و زمانی عەرەبییش وەک دوو زمانی سامیی، لەسەر رێنووسی ئارامییەکان، بە دەستکارییەوە، نووسینی خۆیان جیاکردەوە. دیارە ئەلفا بێتا ( ئەبجەد)ی یۆنانییش، پێشتر لە فینیقییەکانەوە وەرگیراوە و دواتر رۆمانییەکان لە لاتیندا سوودیان لێوەرگرتووە.

ئەم شێوازی حەرف نووسینە بە پێی سیستەمی فۆنەتیکی زمانەکان و ناوچە جیۆگرافییەکانی جیهان، لە ئاسیاوە بۆ میزۆپۆتامیا و ئیسرائیل، بۆ ئەوروپا و شوێنەکانی تری جیهان، کاریگەریی جیۆگرافیاو کولتووری جیاوازی بەسەرەوەیە و زمانەکانیش بە رێژەیەیی، مامەڵەیان لەگەڵ فۆنەتیکدا کردووە. فۆنەتیک لە

زماناسییدا، سیستەمێکە، لە توانای مرۆڤ دەکۆڵێتەوە بۆ دەرکردنی دەنگ و بیستنی دەنگ لە ڕێگەی ئەندامی دەنگییەوە" زمانی ناو دەم".

کورد وەک یەکێک لەگەلانی کۆنی ناوچەی میزۆپۆتامیا و ئێران، لە هەموو مێژووی سیاسیی و کولتووریی خۆیدا، ئەوەی بە فاکتی مێژوویی ساغ بکرێتەوە، بەدەر لە هەندێ دەسەڵاتی لۆکاڵیی و پچڕپچڕ، بەدەر لە فەنتازیای کوردبوونی "ماد"ەکان، خاوەنی ئەوە نەبووە کە جیۆگرافیایەکی سیاسیی دیاریکراوی هەبێت و وەک قەوارەیەکی سیاسیی مامەڵەی سیاسەتی تێدا کرابێت. ئەوەی کە روونە، ئارکیۆلۆجیستەکان و مێژووناسە وردەکان، زماناسەکان، توێژینەوە مەیدانیی و تاقیکردنەوە زانستییەکان، میدەکان، یان مادەکان بە پێنجسەت بۆ حەوت ساڵێک پێش زایین، ئەمبراتۆریایەکیان لەهەندێ ناوچەی ئێران و بەشێک لە کوردستان هەبووە.

کورد کە مادەکان بە باوباپیرانی کورد دەزانن، بەشێکی زۆری دوای عاتیفەسازیی سیاسیی کەوتوونە و بۆ مینۆرسکی دەگەڕێنەوە. لەبەرامبەردا لێکۆڵینەوەکانی کوردۆلۆجیست، ڤان برونێسین Martin van Bruinessen بەهەند وەرناگرن کە پێیوایە، زمانی مادەکان، زمانی کوردیی نەبووە و کوردەکانیش لە رەچەڵەکی مادەکان نیین. ئەو پێیوایە، مادەکان کۆمەڵێ هۆزی جودا بوونە و زمانەکەیشیان زمانی دایەلێکتە ئێرانییە جیاوازەکان بووە. کورد چەند بەڵگەی هەیە کە مادەکان کورد بوونە، فارسەکان، بەڵگەی زیاتریان نەبێت کەمتریان نییە کە باوباپیری فارسەکان بوونە.

بەپێی فاکتە مێژووییەکانی زمان، زمانی مرۆڤی عاقڵ( هۆمۆ ساپینس Homo Sapiens ) کە لە ئاژەڵانی تر ژیرانەتر مامەڵەیان بە زمانەوە کردووە، تەنیا بۆ ٢٠٠ هەزار ساڵێک دەگەڕێتەوە. زمانەکانیش بە پێی جیۆگرافیا و کولتووری ئەو ناوچانە، ئیڤۆلیوشنیان( پەرەسەندن) یان بەسەردا هاتووە. زمانی کوردیی و فارسییش( بە دایەلێکتەکانیانەوە) ئەوەندە تێکەڵن، لە پەرەسەندنیانەوە تا ئێستا، تەنیا چەند هەزار ساڵێک لەمەوبەر، جوداییان تێکەوتووە.

زمانی مادەکانیش، چەند کورد( بەتایبەتیی، زازاکیی و هەورامییەکان) خۆی بە خاوەنی دەزانێ، گیلەکیی( زمانێکی ناوچەی دەریای قەزوێنە)، مازەندەرانییەکان یان زمانی طەبەریی و بەلوجەکانیش، خۆیان بە خاوەنی دەزانن. فارسەکانیش، بە یەکێک لە زمانە کۆنە ئێرانییەکان ئەژماردی دەکەن. راستە وەک ئایسەگلۆس( ئایسۆگلۆس- Isoglosses) لە زمانی ئاڤێستاوە نزیکە، بەڵام هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زمانناسیی، رێزمانی زمانی مادەکانی بۆ روون نەبووەتەوە! ئەوە گرینگ نییە، کە باووباپیرانی کورد، میدەکان بوونە یان وەک هەندێ لە نەتەوەییە کوردە دوور- رۆکان، سۆمەرییەکان بە باوە گەورەی کورد دەزانن، ئەوەی گرینگە ئێمە چۆن زمانەکەمان( بە دایەلێکتەکانەوە) ماوەتەوە و چۆن بتوانین لەگەڵ کولتوور و زمانە جیاوازەکانی تردا بیگونجێنین، نەک هەر خەریکی ئەفسانەی ئەصڵ و فەصڵ بین؟

کاتێ بابەتی ناسیۆنالیزم و گەڕانەوە بۆ رەچەڵەک و بنەچە بکرێ بە پێوەر، بەڵام پێوەر و باڵانسی زانستیی، ئەکادیمیی و مێژوویی بوونیان نەبێت و بە فاکت راست نەکرێنەوە، تەنیا عاتیفەسازیی دەمێنێتەوە. گرینگ ئەوە نییە، هەندێ بۆچوون لە ناسیۆنالیزمی کوردییدا، لە خۆییبوونەوە بۆ کاژیک، بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان، دەیەوێ نەخشەیەکی فەنتازیی و پانوپۆڕ بۆ کوردستانێک بکێشێت کە زمانی کوردیی و دایەلێکتەکانی زۆر دەمێکە تێیدا کاری کۆمەڵایەتیی خۆیان دەکەن! بەڵکو ئەوەی گرینگە، کورد هەزاران ساڵە لەو ناوچانە دەژیەن، بەڵام نەیانتوانیوە، قەوارەیەکی سیاسیی، بازرگانیی، کولتووریی و کۆمەڵایەتیی تۆکمە دروست بکەن! لەبەرامبەردا، مانەوەی زمانی کوردیی( بەهەموو دایەلێکتەکانیەوە) لە ئاست ئەو هەموو باڵادەستییەی فارسەکان، عەرەبەکان و دواتریش نەتەوە نەژاد تورکەکان، پێوەندیی بە بەهێزیی و بە لاوازیی زمانی کوردییەوە نییە، بەڵکو پێوەندیی بە ئیرادەی دەستگرتن بە ئایدێنتیتیی کوردبوونەوە هەبووە لەهەمبەر زۆرداریی و داگیرکارییدا.

بەم پێودانگەش، لای کەم لە سەت ساڵی رابردوودا، دەسەڵاتێکی سیاسیی، یان

ناسیۆنالیزمێکی بەئاگای کوردیی نەبووە ، کە چاوی لە پرێستیژبوونی prestigious زمانی کوردیی بووبێت. زمانی کوردیی کە پارێزگاریی لێکراوە و گەشەی کردووە، بەهۆی هەستی کوردبوون و بالادەستیی و دەسترەنگینیی مونەوەرانی کورد و شاعیرانی کلاسیکی کوردەوە بووە و منەتی یەک سیاسیی و یەک حیزبی کوردیی و یەک بزوتنەوەی سیاسیی و ئایدیۆلۆژیی، بەسەرەوە نییە. مونەوەران و شاعیرانی کوردیش، زۆربەیان بە شێوەیەکی رەها، لە ژێر هەژموونی زمانی عەرەبیی، فارسیی و تورکییدا بوونە و لەسەروو هەموویشیانەوە لە ژێر کولتوور و فیقهی دینیی، دینی ئیسلامدا بوونە. ئەمانە فاکتن، هیچ کێماسییەکی تێدا نییە، وەک خۆیان باس بکرێن. مونەوەران و شاعیرانی کورد، سەرەتا لە تەکیە، حوجرە، خانەقا و مەکتەبە دینییەکانەوە، دەستیان بۆ نووسینی تێکستی کوردیی بردووە.

**پێوەندیی فۆنەتیک و زمان، لە تێکستی کوردییدا.**

فۆنەتیک وەک یەکێک لە لقە گرینگەکانی زمانناسیی، سێ رەهەندی گرینگی هەیە. لەوانە دەنگناسیی رەوانبێژ articulator phonetics، فۆنەتیکی دەنگیی Acoustic phonetics و فۆنەتیکی بیستن Auditory phonetics ، هەر هەموویان دیارە بە کۆ ( ) سیستەمی ئەو برگە و پارچە دەنگیی و حەرفییانەی، لە زمان و دەنگی دەرچووی ناو قورگ و دەمەوە بەر گوێ دەکەون، دەگرێتەوە. دیارە بەسەریەکەوە، فۆنەتیک و فەنۆلۆجی( فۆنۆلۆجی)- دەنگناسیی رۆڵێکی زۆر بایەخداریان لە دارشتنی زماندا هەیە لەکاتی گواستنەوەی دەنگ بۆ گوێ و دواتر بۆ رێنووسکاریی، سیستەمی نووسین و ئەلفوبێ چێکردن.

ئەنترۆپۆلۆجیست و زمانناس، ئێدوارد ساپیر لە کتێبی" زمان- پێشەکییەک بۆ لێکۆڵینەوە لە ئاخافتن"کە لە ساڵی ١٩٢١ دا نووسیویەتی، بەوردیی ئاماژە بە زۆر رەهەندی گرینگ دەکات، هەندێکیان ئەمانەی خوارەوەن:-

1. زمان، هەر تەنیا لێکۆڵینە لە زمان و کولتوور نییە، بەڵکو لە لووتکەی لێکۆڵینەوەکانیدا، گەیشتنە بە جیهانی پێوەندییەکان relations و کارتێکردنەکانی لەسەر مرۆڤ و ژیان و کولتووره جیاوازەکان.
2. زمان، وەزیفەیەکی function کولتووریی هەیە، نەک رەهەندی بۆماوەیی یان بایۆلۆژیی هەبێت.
3. وشەی هەر زمانێک، بوونێکی سایکۆلۆژیی حەقیقیی هەیە.
4. زمان، نێوەند و ماتێریاڵی ئەدەب و تێکستە.
5. زمان هونەرێکی کۆلێکتیڤ و پێویستییەکی ئێئێتیکە esthetic ( جوانناسیی) لە فۆنەتیک و رێنووسی زمانییدا.
6. هونەری قەسیدە- پێکەوەنان (علم العروض)- Prosody ، پێوەندییەکی دایناميکیی بە فۆنەتیکی زمانەوە هەیە.

خاڵی شەشەم، پێوەندیی دایناميکیی فۆنەتیکی زمان بە بیرکردنەوە، سکریپت و چۆنییەتی رێنووسی حەرفەکان و وشەکانەوە هەیە و لەم وتارەدا، ئاماژە بە هەندێ لە شاعیران و مونەوەرانی کورد دەکرێت کە زمانی کوردییان بە کام رێنووس و حەرف و چەمکی زمانیی، بۆ باڵاکردنی زمانی کوردیی بەکارهێناوە؟ هاوکات پێویستە ئاماژە بەوەش بدرێ کە ناسیۆنالیزمی کوردیی( خۆییبوون، کاژیک و سەرەنجام کوردایەتیی)، ئایدیۆلۆژیا و دۆکترینی زمانی پەتیی کوردیی، لە سەتەی رابردوود، چەند زیانی بە گەشەی زمانی کوردیی، گەیاندووە!

لە دیدی ساپیر و زۆرێک لە ئەنترۆپۆلۆجیستە زمانناسەکانی دونیا و بایۆلۆژیستەکانی بواری تیۆریی پەرەسەندن، ئەوە ساغ بووەتەوە کە زمان بەرهەمی چالاکییە کولتوورییەکانە نەک رەهەندێکی بایۆلۆژیی رووت و قووتی هەبێت. ئێمەی کورد( بەهەموو دایەلێکت و سەبدایەلێکتەکانەوە) لە جیۆگرافیایەکی وادا هەڵکەوتووین لەگەڵ گەلانی ناوچەکە، بەتایبەت فارس و شارستانییەکانی میزۆپۆتامیادا، دەست و پەنجە نەرم بکەین و زمانەکەمان لەگەڵ زمانی ئەواندا تێکەڵییەکی زۆریان بەسەریەکەوە هەبێت. کوردیی و زمانەکانی دەوروبەری کوردستان، بەسەریەکیانەوە هەبووە و لەیەکتریان وەرگرتووە. دواتر لە

ئەنجامی غەزەواتی زمانی عەرەبیی و دینی ئیسلام، سەرەنجامیش لەئەنجامی غەزەواتی تورکە پانتۆرانییەکانی ئوراسیاوە بۆ ئێستای تورکیا و ناوچەکانی میزۆپۆتامیا، وێڕای باڵادەستیی و هەژموونی کولتووریی فارسەکان، سەروکارمان هەبووە و تێکەڵبوونە کولتووریی و زمانییەکان بە وەرگرتن و بە دان، درێژەی هەبووە.

کورد، چەمک و وشە و حەرفی زۆری لە زمانە کۆنەکان( لەوانە عیبریی، یۆنانیی، رۆمانیی) و زمانەکانی فارسیی، عەرەبیی و تورکییەوە وەرگرتووە. ئەمانە بە ئاشکرا لە نووسین و تێکستی شاعیران و مونەوەرانی کورددا دەردەکەون و لەناو زمانی کوردییدا وەک رەهەندی کولتووریی و فیکریی و تەنانەت سیاسییشدا جێکەوت بوون. دیارە تەواوی ئەو زمانانەش لە زمانی کوردییەوە، وشە و چەمکیان بردووە و لە زمانەکانی خۆیاندا جێکەوتیان کردووە. لەبەرامبەر حەوت هەزار ساڵی مێژووی نووسیندا، ئەوەی بە فاکتی مێژوویی و زمانناسیی ساغبکرێتەوە، مێژووی نوێی نووسینی کوردیی بۆ کەمتر لە٥٠٠ ساڵێک دەگەڕێتەوە. مێژووی دەقگرتنی تێکستی کوردیی بەم زمانە( بە بناغەی کرمانجیی ناوەڕاست)، تەمەنی کەمتر لە دوو سەتەیە و مێژووی چاپکردنیش کەمتر لە سەتەیەکە.

راستە کەسێکی وەک عەلی حەریریی شاعیر، بوونی هەبووە و بە کوردیی، بە کرمانجیی سەروو نووسیویەتی، بەڵام تەنیا مێژووی لەدایکبوون و مردنەکەی، مەودای نزیکەی پێنج سەت ساڵ جیاوازیی لەنێوان سکۆلار و مێژوونووسەکاندا هەیە( ١٠٠٩ ز تا ١٤٩٥ز) هەیە. ئەم ساغنەبوونەوەیە بۆ نەبوونی دۆکیومێنتی مێژوویی و تاقیکردنەوەیان testimony دەگەڕێتەوە. لەم نێوەندەدا، دایەلێکتەکانی گۆرانیی، بەتایبەت هەورامیی و زازاکیی، لە کرمانجیی ناوەڕاست و کرمانجیی سەروو، زووتر دەستیان پێکردووە و رۆڵی پێشەنگیان بینیوە.

مەلای جەزیریی و ئەحمەدی خانیی، دوو سیمبۆڵی گەورەن لە ئەدەبیاتی کوردییدا کە بە زمانی کوردیی( کرمانجیی سەروو) شیعریان نووسیوە. بە ئەفسووسەوە بەهۆی نەبوونی زمانێکی ستاندەرد و رەسمییەوە، بەهۆی نەبوونی یەک شێوازی نووسین و یەک رێنووس، لەناو دایەلێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردییدا، زیاتر

جەخت لەسەر کرمانجیی ناوەڕاست دەکەینەوە کە ئەم وتارەیشی پێ نووسراوە. یەکێک لەهەرە بەدبەختییەکانی کورد ئەوەیە کە ئەو رێنووسەی خانیی، جەزیریی، بێسارانیی،قوبادیی و فەقێ تەیران، ئەو رێنووسەی کە مەسحەفی رەشی ئێزیدییەکانیشی پێ نووسراوە کە رێنووسی ئارامیی- عەرەبیی بوو، هەمووی، بەهۆی نەخۆشیی ناسیۆنالیزمێکەوە کە هەوای بەلاتینییکردن لەسەری دابوو، هەوای خۆگونجاندن لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای لاوانی تورک( Young Turks) هەڵکشانی ناسیۆنالیزمی تورکیی لەسەری دابوو، بەبادا چوو.

بەباداچوونەکەی ئەوکاتە هەست پێدەکرێت، لەناو کوردەکانی کوردستانی تورکیادا کە زۆرترین ژمارەن، لەچاو پارچەکانی تری کوردستاندا، بە ژمارەی پەنجەکانی دەست، لە شیعرەکانی خانیی و جەزیریی ناگەن. بەهۆی ناعەقڵانییەتی کولتووریی و چاولێکەریی لە کولتووری لاوانی تورک( دواتر ئیتحادوتەرەقیی) و لاساییکردنەوەی ناسیۆنالیزمی ئەورووپیی، بنەماڵەی بەدرخانییەکان، پەنایان بۆ ئەوە برد کە بیکەن بە لاتینیی، بەڵام بە ڤێرژنی لاتینیی-تورکیی، بەمەش دارێکیان دا بە رۆحی زمانی کوردییدا کە پێناچێت تا ئەبەد ژانی ئەو دارە خۆش ببێتەوە و پێدەچێت بۆ ئەبەدیش، زمانی کوردییان( لە رێنووسەوە) شەقوپەق کردبێت.

ئێستا ئەگەر بێینەوە سەر ئەوەی کە نووسەران و شاعیرانی باووباپیرانی ئێمەی کورد کە دەستیان بە نووسین کرد، چۆن فۆنەتیکەکانی ئاخافتن و بیستنیان بۆ سکریپت و رێنووسی زمانیی دەگواستەوە؟ ئەی بۆچی ئەم شێوازەی ئێستا، واتە رێنووسی ئێستا بەم هەموو کەموکوڕییەوە، جێگەی ئەوانی گرتەوە؟ کێن ئەو مونەوەر، سکۆلار، زماناناس، دەسگا و ئینستیتیوتانەی ئەم مەرجەعییەتە زمانییانەیان بەسەر گەلی کورددا، ساغ کردووەتەوە؟ ئایا کرێدت و سەلیقەی کولتووریی، فیکریی، مەعریفیی، زمانیی و ئەکادیمییان هەیە، یان هەر بەگۆترەکاریی و ریشسپییەتیی و کوێخایەتیی، ئەمانەیان سەپاندووە و گەلی کوردیش کەوتووەتە ناو ئەم هەڵایەوە؟

چۆن دەبێ، مەزنترین دوو شاعیری کورد، گەورەترین دوو ئایکۆن و عەلامەی ناوداری کورد، خانیی و نالیی، وێڕای مەزنیی داهێنانەکانی مەولەویی، دەیان وشەیان لە زمانی عەرەبیی، فارسیی و تورکییەوە هێناوە لە ناو زمانی کوردییدا بەوپەڕی ئێثێتیکی زمانییەوە جێگەیان بۆ کردووەتەوە، کەچیی ئێستا، بەهۆی تاعوونی زمانی پەتیی کوردیی و ناسیۆنالیزمی کوردایەتییەوە، دەستکارییەکی ریشەیی رووح(رۆح) و ستراکتۆری زمانەکەی خانیی و نالیی و دەیانی تر بکرێت و رێنووسەکەیان بگۆڕدرێ؟ ئەمە گەشەی زمانیی نییە، ئەمە شێرپەنجەیە، ناهێڵێت زمانی کوردیی گەشە بکات و تەکریدی دەکات و دەیخنکێنێت. دواتر، هەندێ نموونە لە نووسینەکانی خانیی و نالیی وەردەرگرین.

**درێژەی هەیە**:-....